# هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستە

## بەشی دووەم

م.ی.شڤان سیامند حمد
بەرپرسی بەشی بەدەست هێنانی نارەوا
فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت
دەستەی گشتی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان

یەک شەممە
١٧/١١/٢٠١٤

- ڕێکارەکانی خۆکاندید کردن بۆ سەرۆکی دەستە و ماوەی سەرۆکایەتی کردن
- لادانی سەرۆکی دەستە بەر لە تەواو بوونی کاتی یاسایی

# ڕێکارەکانی خۆکاندید کردن بۆ سەرۆکی دەستە و ماوەی سەرۆکایەتی کردن

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: داواکاری دامەزراندن، لە پاش ڕاگەیاندنی پۆستەکە، پێشکەش بە ئەنجومەنی دادوەری دەکرێت، کە ژیاننامە و بەڵگەنامەی تایبەت بە دامەزراندنیش هاوپێچی دەکرێت.

دووەم: ئەنجومەنی دادوەری ئەرکی هەڵبژاردنی سێ لە داواکارانی دامەزراندن دەگرێتەوە ئەستۆ، بەمەبەستی کاندیدکردنیان بۆ پۆستی سەرۆک، تا پەرلەمان ئەرکی هەڵبژاردنی یەکێکیان، بەگوێرەی ماددەی (شەشەم/یەکەم) ی ئەم یاسایە بگرێتە ئەستۆ.

سێیەم: ماوەی خزمەتی سەرۆک چوار ساڵە و بۆ یەک جار قابیلی تازە کردنەوەیە، بەهەمان ئەو ڕێکار و بنەمایانەی بەدەق لە ماددەی شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

# لادانی سەرۆکی دەستە بەر لە تەواو بوونی کاتی یاسایی

**چوارەم** : ڕێکاری یاسایی دەگرێتەبەر دەرهەق بە سەرۆک لەکاتی سەرپێچی کردنی لەوەی پەیوەندی بەکاری وەزیفی ئەوەوە هەیە بە گوێرەی یاسا لە پاش وەرگرتنی مۆڵەتی پێش وەختە لەپەرلەمان.

**پێنجەم**: بەبڕیاری پەرلەمان لە یەکێک لەم حالەتانەی دادێ سەرۆک لە پۆستەکەی لادەدرێت:

١- ئەگەر بریارێکی دادوەری یەک لاکەرەوە دەرچوو بە تاوانبارکردنی بەئەنجامدانی تاوانێک یا کەتنێکی ئابرووبەر.

٢- ئەگەر کەمترخەمی یان بێ باکییەکی مەزن لە بەجێ گەیاندنی کارو ئەرکەکەیدا سەلمێندرا.

٣-خراپ بەکارهێنانی دەسەلات.

**شەشەم**: بڕیاری لادان لەهەردوو حالەتی (٢،٣) لە برگەی پێنجەمی ئەم ماددەیە ، بە پێی راسپاردەی لێژنەیەکی لێکۆلینەوە دەردەچێت ، کەبە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامیەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و دادوەرێکی دادگای پێداچوونەوە (تەمییز) پێک دێت.

ماددەی هەشتەم:

بەر لەوەی سەرۆک ئەرک و دەسەلاتە بریارلێدراوەکەی بە گوێرەی ئەم یاسایە بگرێتە دەست، لەبەردەمی پەرلەماندا ئەم سوێندە یاساییەی دادیٚ دەخوات:

(سوێند بە خودای مەزن دەخۆم کەئەو ئەرکەی پێم سپێردراوە بە ڕاستگۆیی و ئەمانەت و دەسپاکی و بێلایەنی و دڵسۆزییەوە بە جێی دەگەیەنم و بەئەمانەتەوە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکان بۆ نە هێشتنی دیاردەی گەندەڵی) پیادەکەم.